# کراسێکی گوڵ نێرگز بۆ نازێ

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی ڕۆشنبیری

*

**خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین**

**سەرنووسەر: بەدران ئەحمەد حەبیب**

* * *

ناوونیشان: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، گەڕەکی خانزاد، هەولێر

# کراسێکی گوڵ نێرگز بۆ نازێ

نووسینی:

**فەهمی کاکەیی**

وێنەکان:

**تالّب ئۆزمانی**

پێداچوونەوەی زمانەوانی:

**فەرهاد شاکەلی**

پێشکەشە بە لانە

هەروەها بە یاران و میران

ناوی کتێب: کراسێکی گوڵ نێرگز بۆ نازێ
نووسینی: فەهمی کاکەیی
وێنەکان: تاڵب ئۆزمانی
پێداچوونەوەی زمانەوانی: فەرهاد شاکەلی
بڵاوکراوەی ئاراس- ژمارە: ٤٧١
سەرپەرشتیی چاپ: ئاوڕەحمانی حاجی مەحموود
چاپی یەکەم - هەولێر ٢٠٠٦
لە کتێبخانەی گشتیی هەولێر ژمارە (٤٦٧)ی ساڵی ٢٠٠٦ی دراوەتێ

# کراسێکی گوڵ نێرگز بۆ نازێ



نازێ چاوەڕێ بوو زستان بە سەر بچێت، بە سەرما و بەفر و زریان و بارانییەوە. بەهاریش بێت بە گوڵ و گوڵزارییەوە. ئەودەم ئەمیش بچێت بۆ لای نێرگزەجاڕەکەی گوند و سەیری گوڵان بکات. گۆرانییان بۆ بڵێت و سەمایان بۆ بکات. گوڵانیش لەگەڵ شنەی بای کراسەکەی، لەنجەی بۆ بکەن و بۆنی خۆشی خۆیان بەرەو گشت لایەک بنێرن.


5

باوکی بەڵێنی دابوویێ کـە دەغڵـودان هەڵگیـرا و پارەی چنگ کەوت، کراسێکی گوڵ نێرگزی بۆ بکڕێت. بەڵام تاکو دەغڵودان هەڵدەگـیـرێت، گـیـاوگـوڵ وشـک دەبن و ئـاواتـی نـازێ کـــە بە کـــراســـێکی گـــوڵ نێـرگـزەوە بچـێـتـە ســەیری گــــوڵان، نـایـەتـە دی. نـازێ چەند جــــــارێک داوای لـە باوکی کـرد هـەرچـی زووتره کـراســـەکـەی بۆ بکڕێت، بۆ ئـەوەی فـــریای ســـــەردانی گــــــوڵان بـکـەوێت، بـەڵام سوودی نەبوو.



زسـتـان بە سـەر چوو. بەفر توایەوە. چڵوپۆی دارەکان چرۆیان کرد. خـاک لێوی کـردەوە. گژوگـیا و گـوڵان دڕیان بە زەوی دا و سـەریان هێنایە دەرێ. بە بینینی ڕووناکی، دڵشـاد بوون. تینی هەتاو گـەرمـیـیـەکی ئارام و هێـمنی پێ بەخـشین. وردە وردە ساردوسڕیی زستان لە لەشـیـان دەرچوو. وزە و جۆشی ژیانێکی نوێ سـەرتاپای داگرتن. ڕوویان لە خۆر کرد و بزەی سوپاسـیان بۆی نارد.

له گوڵجارەکەی گوند، گوڵە نێرگز و گوڵاڵە سوورە هەر خێرا خونچەی لێوانیان پشکووت. چاویان هەڵهێنا و سەیری دەوروبەری خۆیان کرد. بە سەرسوورمانێکەوە تەماشای یەکتریان کرد و کز دامان. دەبێ چی ڕووی دابێت؟ بۆچی نازێ دیار نییە؟

گوڵان وا ڕاهاتبوون هەموو بەهارێک هەر لەگەڵ یەکەم چاوکردنەوەدا، بە بینینی نازێ دڵیان خۆش و چاویان ڕوون بێت؛ کەچی ئەمجارەیان نازێ دیار نییە. ئاخۆ نازێ چیی بەسەر هاتبێت!؟ بۆچ دیار نییە؟



گوڵان گوێیان بۆ جریوەی چۆلەکە و خوێندنی بولبول و دەنگی باڵندەکانی دی شل کرد، نەخێر ئەمان هەر لەسەر ئاوازی خۆیان دەخوێنن و لە دەنگیاندا چ هەواڵێکی ناخۆش نابیسترێت.

گوێیان لە خوڕەی قەڵبەزە و هاژەی چەم و شنەی با گرت، چ باسێکی بەدیان نەبیست.


7

کەمێک دڵارام بوونەوە. کاتێک هەموو بە یەکجار سەریان هەڵبڕی و تەماشای ڕۆژیان کرد، بینییان ڕۆژ هەر وەک ساڵی ساڵان تیشکی گەرم و بەتینی خۆی بەرەو گشت لایەک دەنێرێت. هەموو شتێک وەک خۆی و لە جێی خۆیدایە، ئەدی بۆچی نازێ دیار نییە؟

گوڵان خەم دایگرتن. ئەو ڕەنگە گەشەی جارانیان نەما. کاتێک گوڵ و دار و درەخت خەم دایانگرێت، کەمەهەوەس دەبن و سیس هەڵدەگەڕێن. گوڵان ڕەنگ لە ڕوویاندا نامێنێت، کز و مەلوول ملیان خوار دەکەن و ئیتر بۆنی خۆشی خۆیان بە کەس ڕەوا نابینن.

گوڵە نێرگزێک سەری بەرز کردەوە و ڕووی دەمی کردە گوڵاڵە سوورەیەک:

- بۆچی تەمەنی ئێمە چەندە تاکوو ڕۆژێکیان بە بێ دیداری نازێ لە دەست بدەین؟ ئاخر ڕۆژێک بۆ تەمەنی گوڵان زۆر زۆرە.

کزەبایەک بە ئارامی بەسەر گوڵجارەکەدا ڕەت بوو. گوڵاڵە سوورەکان زووتر هەستیان پێی کرد، چونکە لە گوڵە نێرگزەکان بالابەرزترن. کزەبا هێمن و ئارام و دڵڕفێن بوو، بۆنی مێخەک و سملّی لەگەڵ خۆی هێنا. هێدی هێدی گوڵان ملی خۆیان ڕاست کردەوە. کزەبا گیانێکی شاد و تازەی پێ بەخشین. خەمیان ڕەوییەوە، ڕەنگیان گەش بۆوە. قیت و قنج، گورج و گۆڵ،

دەستیان بە لەنجەولار کردەوە. ئیدی هەموو زانییان چ باسە.
کزەبا مژدەی شادیی دابوونێ و چ پێویستییان بە کەسێکی دی
نەبوو پێیان بڵێت: وا نازێ بە ڕێوەیە!

ئێوارە بوو، تازە خۆر لە کەل ئاودیو بووبوو. هەموو شتێک کپ و
خامۆش و بێدەنگ بوو. زۆری نەمابوو دنیا تاریک دابێت و
ئەستێران دەرکەون و بۆ خۆیان دەست بە جریوەجریو بکەن.
نازێ هەنگاوی گورجتری دەنا، بۆ ئەوەی زووتر بگاتە گوڵجارەکە.
بەڵام خەفەتێکی لە دڵدا بوو، خەفەتی ئەوەی هەر بە کراسە
کۆنەکەی ساڵی پارەوە دەچێتە سەیری گولان. لەگەڵ ئەوەشدا
قژەکەی داهێنابوو. چوار تەلقژی ڕەنگامەی جوانی لێ دابوو.
مێخەکبەندێک و ملوانکەیەکی سملی کردبووە مل، تەنانەت
چاوانیشی بە کل ڕشتبوو . چەندین پوولەکەی جوانی هاوڕەنگی
تەلقژەکانی لە کراسەکەی دووریبوو. نازێ بەپیرەوە چوونی
گولانی لا پیرۆز بوو، بۆیە بەم شێوەیە خۆی ڕازاندبۆوە.

گولان پێشتر بڕیاریان دابوو دەنگ نەکەن تاکوو نازێ دەگاتە
لایان، ئەو دەم هەموو پێکەوە بۆنی خۆشی خۆیان بە سەروچاویدا
بپرژێنن. کاتێ نازێ گەیشتە گوڵجارەکە، بۆنی نێرگز بە ئاگای
هێنا. لێوە ئاڵەکانی لە یەک ترازان و بزەی شادی لەسەر
ڕوخساری دەرکەوت. گولان بەمە خۆشحاڵ بوون. دەنگێکی
باریکی منداڵانە بە ئاستەم کەوتە بەر گوێی نازێ. ئەمیش گوێی

بۆ دەنگەکە شل کرد. سەرەتا وای زانی جریوەی چۆلەکە یان شنەی بایە، بەڵام دوایی بۆی دەرکەوت کەسێک پێی دەڵێت:

– ئێوارەت باش نازێ!

نازێ ئاوڕێکی لە دەوروبەری خۆی دایەوە، هیچ کەسێکی نەبینی. سەری سووڕ ما و لە دڵی خۆیدا گوتی: «کەسی لێ نییە، دەبێ من هەر بە خۆم هەستێکی وام لا دروست بووبێ». جارێکی تر گوێی لە دەنگەکە بوو:

– ئێوارەت باش نازێ!

نازێ ئاوڕێکی تری دایەوە، بەڵام کەسی نەبینی. لە لایەکی ترەوە دەنگێکی تر پێی گوت:

– ئێوارەت باش نازێ!

نازێ ئاوڕی لەویش دایەوە، کەسی بەرچاو نەکەوت. پاشانیش لە هەموو لایەکەوە ئێوارەباشی لێ کرا. نازێ هەر بە دەوری خۆیدا دەسووڕایەوە. واقی وڕ مابوو. نەختێک ترسا. خەریک بوو بشڵەژێت.



دەنگێک پێی گوت:

– ئەوە بۆچی وا حەپەساوی نازێ؟ بۆ وەڵاممان نادەیتەوە؟

نازێ ناچار هاتە قسە:

– بەڵام ئێوە کێن؟ من ناتانبینم.

– چۆن نامانبینیت؟ ئێمە گوڵانین. هەموو گوڵان، تەواوی گوڵجارەکە ئێوارە باشت لێ دەکات، کەچی تۆ وەڵام نادەیتەوە.

– بۆ ئێوە دەتوانن قسە بکەن؟

گوڵجار هاتە پێکەنین. هەموو گوڵان پێکەوە گوتیان:

– ئەی چۆن؟ ئەی گوایە بۆ ناتوانین؟

– بە کوردییش؟

– ئەی گوایە بە چی؟ ئەی ئەوە نییە بە کوردی قسەت لەگەڵ دەکەین؟

نازێ بە تەواوی پەشۆکابوو، خەریک بوو بڕیار بدات بگەڕێتەوە ماڵەوە. لە ناکاو پەپوولەیەکی باڵ نەخشین هەڵفڕییە سەر گوڵە نێرگزێک و ئێوارەباشی لێ کرد. کاتێ نازێ ئاوڕی لە پەپوولەکە دایەوە، چۆلەکەیەک بە بەردەمیدا فڕی و ئێوارەباشی لێ کرد. ئەودەم ئیدی نازێ دوودڵییەکەی ڕەوییەوە و گوتی:

– ئێوارە باش لە هەر هەمووتان، بە گوڵ، چۆلەکە، پەپوولە،

کانی، دارودرەخت، زەوی و ئاسمانەوە. دیارە هەمووتان دەزانن قسە بکەن و من پێم نەزانیوە.

گوڵە نێرگزێکی زیتەڵە ڕووی دەمی کردە نازێ و بە پچڕپچڕییەوە گوتی:

– بۆچی تاکوو ئێستا نەتزانیوە؟ هەی «نازێ نازێ، چارۆکە بازێ، تەقتەقەی کەوشێ، سۆل بنەوشێ»؟*

نازێ بزەیەکی هاتێ و گوتی:

– وەی لێ! ئەمەش دەزانن؟

گوڵاڵە سوورەیەک گوتی:

– بە لای کەمەوە هەندەی تۆ دەزانین.

نازێ کەمێک بێدەنگ بوو، ئینجا پرسیاری کرد:

– باشە ئێوە هەر کوردی دەزانن؟ ئەی ئەگەر من کوردیم نەزانیبایە؟

گوڵە نێرگزێک گوتی:

– ئێمە لەسەر هەر خاکێک شین ببین، فێری زمانی ئەو خاکە دەبین. تۆش ئەگەر کوردیت نەزانیبایە، دیارە خەڵکی ئێرە نەدەبووی.

نازێ لە دڵی خۆیدا گوتی: «بەس نەبوو خەڵکی ئێرە بووم و کوردیشم زانی، ئەگینا نەمدەتوانی لە تەک گوڵاندا قسە بکەم».



لەپڕ کراسە کۆنەکەی بەریی بیر کەوتەوە و دیسانەوە خەم دایگرت.

گوڵێک گوتی:

– ئەوە چی بوو؟ بۆچی خەم دایگرتی؟ ئێمە دەمێک بوو چاوەڕێی ئەوە بووین لە خاکەوە سەر هەڵبێنین و بە دیتنی تۆ دڵشاد بین، ئاخر تۆ هاوەڵی خۆشەویستی ئێمەی؛ ئایا بە دیتنی ئێمە خۆشحاڵ نییت؟

نازێ گوتی:

– چۆن؟ ئەگەر بە دیتنی ئێوە خۆشحاڵ نەبووایەم نەدەهاتمە سەردانتان، بەڵام...

ئیدی بە کزییەوە تەماشای کراسەکەی بەر خۆی کرد.

گوڵاڵە سوورەیەک گوتی:

– نازێ، ئەگەر تۆ وا کز و مات و بێ هەوەس بیت، ئێمەش ئەم

گەشییەی ئێستامان نامێنێت و شادی لە ڕوومان دەڕەوێتەوە؛ دە پێمان بڵێ بۆچی خەفەتباریت؟

نازێ سەری هەڵبڕی و رووی کردە گوڵان و گوتی:



– حەزم دەکرد بە کراسێکی گوڵگوڵیی جوانەوە بهاتمایە پیرتانەوە، نەک هەر بەم کراسەی پارەوە. بەڵام باوکم دەستی کورتە و پارەی نییە کراسێکی تازەم بۆ بکڕێت، ئیدی منیش ناچار بووم هەر بەم کراسە کۆنەمەوە بێمە لاتان؛ ئاخر منیش زۆرم پێ خۆشە بە ڕازاوەیی بێمە دیدارتان. من ئێوەم زۆر خۆش دەوێت.

هەموو گوڵان پێکەوە گوتیان:

– ئێمەش تۆمان زۆر خۆش دەوێت.

– بەڵام من هەرگیز داخی ئەوەم ناچێت کە نەمتوانی بە کراسی



تـازەی گــوڵدارەوە بێــمــە لاتان. من زۆر شەرمەزارم.

گوڵە نێرگزێکی خەپەتۆڵە ڕووی دەمی کـــردە نـازێ و گوتی:

– نـازێ ئێــمـــە دیداری تۆمــان بەســـە، جــا هـەر کــراســێکت لە بەردا بێت گرنگ نییە.

پاشـان گـوڵاڵە سوورەیەک دەســـتی کــرد بە گــۆرانی گـوتن بە باڵای نازێدا، گوڵانـی تریش دەسـتی شـاییـان گـرت و هەمـــوو بە یەک دەنگ گـۆرانـیـیـەکـەیان بـۆ گـوڵاڵە ســـوورەکـە دەسەندەوە و دەیانگوت: «هەی نازێ»

گوڵاڵە سوورەکە بەم شێوەیە سەری شایی دامەزراند:

هەی نازێ، نازێ نازێ | هەی نازێ
لە بۆت دەبێژم ڕازێ | هەی نازێ
ڕاز و نیازی دڵانە | هەی نازێ
دڵمان بۆ تۆ حەیرانە | هەی نازێ

چاوی نازێ بە کلە         هەی نازێ
نازێ مێخەک لە ملە         هەی نازێ
قژی جوان داهێناوە         هەی نازێ
چوار تەلقژی لێ داوە         هەی نازێ
چەند پوولەکەی ڕەنگامە         هەی نازێ
جوان لە شێوەی شەمامە         هەی نازێ
زەرد و سپی، کەسک و سۆر         هەی نازێ
دەدرەوشێ هەر وەکوو خۆر         هەی نازێ
دووریتی لە کراسی         هەی نازێ
کراس لە ڕەنگ گێلاسی         هەی نازێ**

ئیدی گوڵاڵە سوورەکە هەر دەیگوت و نازێش لە خۆشییاندا پێدەکەنی، تاکوو لە نیوەی شاییەکەدا نازێش دەستی گرت. لە هەمووی سەیرتر بە لای نازێوە شێوەی دەستگرتنی گوڵان بوو، چونکە هەر گوڵە نێرگزێک چووبووە دەستی گوڵاڵە سوورەیەک.

کاتێ شایی تەواو بوو، نازێ گوتی:

– ئەم شاییە هەر وەک ڕەشبەڵەک وا بوو.

پاشان پێکەنی و گوڵانیش پێکەنین. ئەوجا گوڵێک گوتی:

– ئەمە ڕەشبەڵەکی گوڵانە، زەرد و سوور تێکەڵاوە.

ورده ورده کـات به ســەر چوو، خـەریک بـوو دنیـا تاریک دابێت، ئیدی نازێ هەڵسایە سەر پێ بۆ ئەوەی بگەڕێتەوە ماڵەوە.

بڕێک لە گوڵان گوتیان:

– نازێ ئێمەش دەمانەوێت لەگەڵتا بێین بۆ ماڵەوەتان.

نازێ لە مەبەستی گوڵان تێنەگەیشت، تاکوو یەکێکیان گوتی:

– چەپکێکمـان لێ بچنە و بمانبە بۆ مـاڵی خۆتان. لە گۆڵدانێکدا دامـانبنێ، بۆ ئەوەی بۆنی خۆشـی خۆمـان بە ناو ماڵەکەتاندا بڵاو بکەینەوە!



ئێــوارە کــە بابە لەســـەر کــێـڵگە گــەڕایەوە، گــوڵە نێرگزەکان بە بۆنـی خۆشی خـۆیان پێـشــوازییــان لێی کـرد، ئیـدی هەر یەکســـەر مــاندوویەتیی حــەســـایەوە، گرژیی دەمـوچاوی ڕەوییەوە و بە خۆشییەوە گوتی:

– ئای لـەو بۆنە خــۆشــە! ئەوە بۆنی نێرگز نەبێت؟

لە جــیــاتی گــوڵان نازێ

وەڵامی دایەوە:

– بەڵێ بەڵێ، ئەوانە میوانی منن.



شەوێ بەر لە خەوتن، کە وەختی ئەوە هات دایە چیرۆک بگێڕێتەوە، نازێ هەر خێرا گوڵدانە نێرگزەکەی هێنایە لای خۆیەوە بۆ ئەوەی گوڵە نێرگزەکانیش گوێیان لە چیرۆکەکە ببێت. دایە ویستی چیرۆکی "شاری شووکردن" بگێڕێتەوە***، بەڵام نازێ ڕازی نەبوو، چونکە دەیزانی گوڵان ئەو چیرۆکەیان بیستووە. ئیدی داوای لە دایکی کرد چیرۆکی "زەمبیلفرۆش" بگێڕێتەوە، بەو هیوایەی گوڵان نەیانبیستبێت. ها چیرۆکی زەمبیل فرۆش تەواو بوو، ها تەواو نەبوو، نازێ و چەپکە گوڵ وێکڕا خەویان لێ کەوت.

شەوێ نازێ خەونی دەبینی. لەو خەونەیدا بە کراسێکی نتونوێی



گوڵدارەوە دەچووە سەردانی گوڵان، بەڵام چ چوونێک، لە خۆشییاندا پەنجەی پێی نەدەکەوتە سەر زەوی. ئەگەر نووکی پەنجەکەڵەی لەسەر زەوی دادەنا، ئیدی باڵی لێ پەیدا دەبوو، سووک سووک دەچوو بە ئاسماندا و مەلئاسا دەفڕی، تا لە دووریی دەیان شەقاو جارێکی دی لە زەوی نزیک دەبووەوە.

پەنجەکەڵەی بەر زەوی دەکەوت و نەدەکەوت هەمدیس دەچوو بە ئاسماندا. قژە خاوەکەی بە شوێنییەوە مەلەی دەکرد. نازێ لە دایکی بیستبوو: «مرۆڤ لە خۆشییاندا باڵی لێ پەیدا دەبێت». ئەمەی بیر کەوتەوە و گوتی: «دایکم ڕاست دەکات، ئەوە نییە منیش وەک باڵندەکان دەفڕم». نازێ حەزی دەکرد خەڵکی بە ئاسمانەوە بیبینن، چونکە دەیزانی فڕین لە توانای هەموو کەسێکدا نییە.

کاتێ نازێ لە گوڵجاڕەکە نێزیک بۆوە، خۆرئاوا بوو. دیمەنی گوڵجاڕەکە زۆر جوان و دڵڕفێن بوو. ئاسمان سوور و زەوی

سەوز، لە نێوان ئاسمان و زەویدا تەنیا گوڵە نێرگزی دەبینی، بە ڕوومەتی سپی و چاوی زەردەوە. هەرچی گوڵاڵە سوورەکان بوون، لەگەڵ سووریی ئاسمان تێکەڵ بووبوون و جودا نەدەکرانەوە. نازێ زۆری پێ سەیر بوو، هەستێکی نائاسایی دڵ و دەروونی داگرتبوو، چونکە دیمەنەکەی بەرامبەری لە گوڵێکی گەورە دەچوو، بە چوار ڕەنگی سوور، زەرد، سپی و سەوزەوە. نازێ خۆزگەی دەخواست هەموو گوڵە نێرگزەکان یەک بگرن و ببنە یەک گوڵی گەورە، لە نێوان ئاسمانێکی سوور و زەوییەکی سەوزدا.

نازێ زۆری نەمابوو بگاتە گوڵجاڕەکە، ئیدی تەواوی گوڵان، بە نێرگز و گوڵاڵە سوورەوە، هاتنە پیریەوە. نازێ ئەمەشی پێ سەیر بوو. پاشان گوڵان دەستیان کرد بە یاریکردن لەگەڵیدا. سەرەتا تیتلی سماق، ئینجا حیللانێ، پاشان چاوشارکێ، هەلوور بلوور و چەندین یاریی دیکەی کوردەواری. نازێ ئەمەشی پێ سەیر بوو. دوایی کەوتە گومانەوە و لە دڵی خۆیدا




گوتی: «هەبێ و نەبێ ئەمە خەونە». ئیدی چمکی کراسە تازەکەی توند گرت، بۆ ئەوەی کە بەیانی بە خەبەر هات لە بەریدا مابێت و خەونەکەی لێ ببێتە ڕاستی.



وەختێ نازێ لەسەر ئاوازی خوێندنی چۆلەکان بەخەبەر هات، جارێ چمکی کراسەکەی هەر بەرنەدابوو. نازێ گوڕی دایە خۆی و ڕاست بۆوە، یەکسەر تەماشای کراسەکەی بەری خۆی کرد، کەچی هەر کراسە کۆنەکەی جارانی لە بەردا بوو؛ دەموچاوی دا بە یەکدا و جارێکی تر ڕاکشایەوە.

بۆ دواجار کە نازێ بە یەکجاری لە خەو هەستا، دەست و دەموچاوی شۆری و نانی بەیانی خوارد، ئیدی چووە لای گوڵە نێرگزەکانی ناو گوڵدانەکە، بەیانی باشی لێ کردن و ئاوەکەی گۆڕین؛ پاشان گوتی:



– پێــویســتـــه ئێــوەش دەمــوچاوتـان بشــۆن و نـانی بەیانی بخۆن.

نـازێ هـەندێ ئـاوی پـرژانـده دەموچاویاندا . گوڵەنێرگزەکان هـەر خـــێــرا گــــەشـــانـەوە. پـاشـــــانیش یەک کـــەوچک شـــەکــری وردیشی کــردە ناو ئاوی گوڵدانەکە و گوتی:

– ئەوەش بەرچایی.

دوای ئەوەی نازێ لە گسکدان و قـاپشــۆرین و کـاروباری تری مـاڵەوە یارمـەتیی دایکی دا ، ئـیدی خـۆی کـۆ کـردەوە بۆ ئەوەی بچێتە لای گوڵجارەکە. کاتێ لە دەرگای مـاڵەوە قاچی نایە دەرێ، بە ئـاسـتـەم گـوێی لـە دەنگێکی منداڵانـە بوو. بە ڕوونی بـۆ نـازێ دەرنەکەوت دەنگەکە چی گوت، بەڵام ئەم بە خۆی وای لێک دایەوە: «گوڵە نێرگزەکـانی ناو گوڵدانەکـەش دەیانەوێت بچنـە سـەردانی گوڵجارەکە». ئیدی هـەر بە گوڵدانەکەوە چەپکە گوڵی گرتە باوەش و بەرەو گوڵجارەکە کەوتە ڕێ.

ئەگەر نازێ بە خۆ و بە گوڵدانـەوە گەیشتـە لای گوڵجارەکـە، بە

ڕوویەکی گەش و بۆنێکی خۆشەوە پێشوازیی لێ کرا. بەیانی باشی لە گوڵان کرد، هەموو پێکڕا وەڵامیان دایەوە. نازێ گوتی:

– دەنگتان داگرن، با کەس گوێی لێ نەبێ!

نازێ پێی وا بوو ئەم ڕاز و نیازەی نێوان خۆی و گوڵان پێویستە نهێنی بێت و کەس پێی نەزانێت، چونکە هەندێ لە گۆرانییەکەی ڕۆژی ڕابوردووی لە بیر مابوو، کاتێ گوڵان دەستیان گرتبوو و دەیانگوت:

ڕاز ونیازی دڵانە هەی نازێ

دڵمان بۆ تۆ حەیرانە هەی نازێ

هەروەها بیری مابوو جارێکیان دایکی پێی گوت: «ڕازی دڵی خۆت بۆ کەس باس مەکە». هەر بۆیە نازێ تەنانەت بۆ دایک و بابیشی باسی ئەوەی نەکردبوو، کە ئەم و گوڵان پێکەوە قسان دەکەن.

هەر هێندە نازێ خەونەکەی شەوی پێشووی بیرکەوتەوە، ئیدی کز داما. خۆزگەی بەوە دەبرد ئەو خەونە ڕاستی بووایە، ئیدی هەم بۆ خۆی هەر کاتێ بیویستایە دەیتوانی بفڕێ و هەمیش ئێستاکە بە جلی نوێوە لە لای گوڵان دەبوو. گوڵاڵە سوورەیەک بە نازێی گوت:

– ئەوە چییە؟ بۆچی وا کز داماوی؟ دیسان کراسەکەت بیرکەوتەوە؟

گوڵێکی تر گوتی:

– ئەی دوێنێ شەو بە کراسی تازەوە نەهاتییە لامان؟ ئیتر بۆچی خەفەت دەخۆیت؟

نازێ گوتی:

– کوا؟ کەی من بە کراسی تازەوە هاتوومە لاتان؟

گوڵە نێرگزێکی چاوگەش گوتی:

– ئەی بیرت چوو؟ خەونەکەی شەوی ڕابوردووت بیر نەماوە؟

خەریک بوو نازێ لە خۆشییاندا گەشکە بیگرێ، پاشان گوتی:

– بۆچی ئێوەش خەونتان بینی؟

– ئەی چۆن، ئەی هەمووومان پێکەوە نەبووین؟ ئەی پێکەوە یاریمان نەکرد؟

ئیدی نازێ دڵنیا بوو لەوەی گوڵانیش خەونیان دیوە، بۆیە گوتی:

– خۆ ڕاست دەکەن، بەڵام داخم ناچێت کە خەون بوو، حەزم دەکرد ڕاستی بووایە. دەزانن چی؟ من تاکوو بەیانیش چمکی کراسەکەم توند گرتبوو، بۆ ئەوەی کە بەخەبەر هاتم لە بەرمدا مابێت؛ کەچی وەختێک لە خەو هەڵسام هەر ئەم کراسە کۆنەم لە بەردا بوو.

لەناکاو کزەبایەک هەڵی کرد، گوڵان پۆل پۆل سەریان بە یەکدا کرد و دەستیان بە چرپەچرپ کرد. ئەمجارەیان نازێ هیچ تێ

نەگەیشت، چونکە دەنگی گوڵان زۆر کز بوو، لە شنەی کزەباکەش کـزتـر. ئەگــەر گــوڵان لە چرپەچرپـی خـۆیـان بوونەوە، ســەریان هەڵبڕی. گوڵە نێرگزێک و گوڵاڵە سوورەیەک پێکەوە گوتیان:

– نازێ خـان، ئەوا ئێـمـە بڕیـارمـان دا کـراسـێکـی گـوڵگوڵیی جوانت بۆ بکڕین.

سەرەتا نازێ بێدەنگ بوو، پاشانیش بزەیەکی هاتێ و گوتی:

– ئێـوە؟! ئێوە چۆن دەتوانن کراسـم بۆ بکڕن؟ پارەتان لە کـوێ بوو؟ چۆن دەتوانن بچنە شار؟ نەخێر نامەوێت، دەترسم لە شاردا بزر بن، شار زۆر گەورە و قەرەباڵغە.

نێرگزێکی باڵابەرز بە نازێی گوت:

– ترست نەبێت، ئێمە ناچین بۆ شـار. تۆ چەند چەپکێکمـان لێ بچنە و بمانبە سـەر ڕێگاکەی دەچێتە شـار و بە هاتوچۆکەران بمانفرۆشە، بەو پارەیەی دەستت دەکەوێت کراسێکی بە ئارەزووی دڵی خۆت بکڕە.

نازێ ڕەنگی تێک چوو، یەک دوو هەنگاو چووە دواوە:

– نەخێر، شتی وا ناکەم، ئێوە هاوڕێی خۆشـەویستی منن، چۆن دڵم دێت بتانفرۆشم؟!

گوڵە نێرگزێک بەم شێوەیە دڵی نازێی دایەوە:

– نازێ، ئێـمـە هیـچـمـان لێ نایـەت. ڕەگ "پیـاز"ـەکانمان هەر لە

بن خاکدا دەمێننەوە و هەر بەهارێک نەوە نێرگزێکی نوێیان لێ سەر هەڵدەداتەوە.

گوڵێکی تر بەم شێوەیە قسەی گوڵەکەی پێشووی تەواو کرد:

– خۆ ئەو خەڵکەی دەشمانکرن ئێمەیان خۆش دەوێت، حەز دەکەن بە جوانی و بۆنی خۆشی ئێمە ماڵەکانی خۆیان برازێننەوە. ئێمە بە لامانەوە مەبەستە دڵی تۆ خۆش بکەین.

گوڵێکی تر گوتی:

– ئێمە خۆمان پێمان خۆشە بچینە ماڵان و خەڵک بۆنمان بکەن، ئەگینا چ سوودێکی دەبێت ئەگەر هەر لەم گوڵجارەدا بڕزێین؟ هەموو بەهارێک خەڵک دێن و دەمانچنن، هەرگیز پێمان ناخۆش نەبووە. مرۆڤ و گوڵ حەز دەکەن نزیکی یەک بن، ئەو خەڵکەش ناتوانن بە درێژاییی ڕۆژ لەم گوڵجارەدا بە لامانەوە دانیشن، بۆیە دەمانبەنە ماڵێ.



گوڵان هەر گوتیان و گوتیان تاکوو نازێیان ڕازی کرد. نازێ چەند چەپکە گوڵێکی

تێکەڵاوی نێرگز و گوڵاڵە سوورەی چنی و ڕۆیشت لە کەناری ڕێی شار ڕاوەستا.

ئۆتومبێلەکان بەوێدا ڕەت دەبوون و گڤەیان دەهات. هەر جارێکیش ئۆتومبێلێک نێزیک بوایە نازێ چەپکێ گوڵی بەرز دەکردەوە، بەو هیوایەی لێی بکڕن.



ئۆتومبێلێکی سوور هات، چەپکێک گوڵی لە نازێ کڕی و ڕۆیشت.

ئۆتومبێلێکی سپی هات، چەپکێک گوڵی لە نازێ کڕی و ڕۆیشت.

ئۆتومبێلێکی زەرد هات، چەپکێک گوڵی لە نازێ کڕی و ڕۆیشت.

ئۆتومبێلێکی سەوز هات، هەموو چەپکە گوڵەکانی لە نازێ کڕی و پارەیەکی زۆری دایێ و ڕۆیشت.

نازێ زۆری پێ سەیر بوو. لە پڕ خەونەکەی بیر کەوتەوە، لە دڵی خۆیدا گوتی:

«ئاسمان سووره، زەوی سەوز. لە نێوان ئاسمان و زەویدا گوڵە نێرگزێکی گەورە، یەکجار گەورە، بە ڕوویەکی گەش و دڵێکی خۆشەوە پێدەکەنێت و بۆنی خۆشی خۆی بۆ هەموو لایەک دەنێرێت. ئەمە کتومت لە مەتەڵ دەچێت، مەتەڵێکی زۆر سادە و ئاسان».



ڕۆژی پاشتر، نازێ بە کراسێکی گوڵ نێرگزی جوانەوە، گورج و گۆڵ، دڵخۆش و کامەران، بە ڕاکردن بەرەو لای گوڵجارەکە دەڕۆیشت. حەزی دەکرد بفڕێت، هەر وەک چۆن لە خەونەکەیدا دەفڕی. پەنجەکەڵەی لەسەر زەوی دادەنا و گوڕی دەدایە خۆی تاکوو بەرز ببێتەوە و بچێت بە ئاسماندا، کەچی نەیدەتوانی. کاتێک گەیشتە گوڵجارەکە، گوڵان دەستیان بە لەنجەولار کرد، نازێش بە دەوری گوڵجارەکەدا ڕای دەکرد، گۆرانیی بۆ گوڵان دەگوت و سەمای بۆ دەکردن. پاش هەندێک نازێ بە گوڵانی گوت:

– زۆر سوپاستان دەکەم بۆ ئەم کراسە گوڵ نێرگزە. چی تر پێویستم بە کراسی تازە نابێت. ئیتر بەهاران هەر بەم کراسەوە

دێمە پیرتانەوە، تاکوو ئەو ڕۆژەی گەورە دەبم و ئیدی کراسەکە بە بەرم ناکات.

گـوڵان هـەر هـەمـوو بـە بێـدەنگی گـوێیـان لـە نازێ گـرتبـوو. پەپوولـەکـان هـەڵنـەدەفـڕین، چۆلەکـەکـان نـەیاندەجـریواند، هـەمـوو گیانلەبەران و درەختانی نێزیک گوڵجاڕەکە هەناسەیان لە خۆیان بڕیبوو. کزەبایەکی تازە هەڵکردوو لە نێزیک گوڵجاڕەکە نیشتەوە.

نازێ پشوویەکی وەرگرت و ئینجا گوتی:

– دەزانن چی؟ منیش دیارییـەکی بچـووکم بۆ هێنـاون، بەڵام بۆ ئەوەی دیارییەکە وەرگرن، مەتەڵێکم هەیە پێویستە هەڵیبێنن.

گوڵاڵە سوورەیەکی خڕپن خێرا گوتی:

– ئا دەی بیڵێ، خێرا کە!

نازێ بە نازەوە گوتی:

– ئاسـمـان سـوورە، زەوی سـەوز. لە نێـوان ئاسـمـان و زەویدا گوڵە نێرگزێکی گەورە، یەکجار گەورە، بە ڕوویەکی گەش و دڵێکی خـۆشـەوە پێـدەکـەنێت و بۆنـی خـۆشـی خـۆی بـۆ هـەمـوو لایەک دەنێرێت. دەی ئەمە چییە؟

تەواوی گوڵان پێکەنین. چۆلەکەکان دەستیان بە جریوەجریو کرد و هەڵفـڕین. پـەپوولەیـەک بە بەر دەمـوچـاوی نازێدا فـڕی و بەرز بۆوە. کزەبا هەڵی کردەوە و شنەی خۆی دا بە گوێی نازێدا.

ئینجا گوڵان پێکەوە گوتیان:

– ئەمە مەتەڵێکی زۆر ئاسانە.

گوڵاڵە سوورەکان گوتیان:

– سوور ڕەنگی ئێمەیە.

گوڵە نێرگزەکان گوتیان:

– ئەو نێرگزە گەورەیەش ئێمەین، وەختێ هەموومان یەک دەگرین و دەبینە یەک گوڵە نێرگز.

هەموو گوڵان گوتیان:

– سەوز ڕەنگی ئەم خاکەیە کە ڕەگمان پێیدا چۆتە خوارەوە.

ئیدی نازێ پێکەنی و گوتی:

– ڕاست دەکەن، مەتەڵەکەتان هەڵهێنا، فەرموون ئەمەش دیارییەکەتان!




پاشان دیارییەکەی پێشان دان، کە لە پشتی خۆی شاردبوویەوە.

دیارییەکەی نازێ گوڵێکی زۆر گەورە بوو، هەر وەک ئەو گوڵە گەورەیەی لە خەونەکەیدا دیبووی. بەشی سەرووی گوڵەکە سوور بوو، بەشی خوارووی سەوز بوو، لە نێوانیاندا گوڵە نێرگزێکی گەشی گەورە هەبوو. دیارییەکەی نازێ


هەر بە تەواوی وەک مەتەڵەکە وا بوو. نازێ دیارییەکەی خۆی لە ناوەڕاستی گوڵجارەکەدا چەقاند، سووڕێک سەمای کرد بە دەوریدا و پاشان بەرەوماڵەوە گەڕایەوە.

لەوەو پاش کە مندالانی گوند دەچوونە لای گوڵجارەکە و گوڵە گەورەکەی نازێیان دەبینی، هەر خێرا دەگەڕانەوە ماڵ و گوڵێکی گەورەی وەک ئەو گوڵەیان دروست دەکرد و دەیانچەقاندە درزی دیوارێکی ماڵەکەی خۆیان. پاشتر کەسێک نەمابوو لەو گوندەدا نەزانێت مەتەڵەکەی نازێ هەڵبێنێت.



زۆری پێ نەچوو مەتەڵەکە لە گوندەکانی دەوروپشت بڵاو بۆوە. ئێستاکە هەموو خەڵکی ناوچەکە دەزانن مەتەڵەکە هەڵبێنن. ئێستاکە هەموو مندالانی ناوچەکە هەریەکەو گوڵێکیان لە وێنەی گوڵەکەی نازێ دروست کردووە و چەقاندوویانە درزی دیوارێکی ماڵی خۆیان.

ئەگەر ڕۆژێک لە ڕۆژان، لە کەناری ڕێگایەک کچۆڵەیەکت بینی چەپکە نێرگز دەفرۆشێت، ئەوە چاک بزانە کە بە تەمایە بە پارەی



ئەو گوڵانە کراسێکی گوڵ نێرگز بۆ خۆی بکڕێت. لێی بچۆرە پێشەوە و لە قژەکەی ورد بەرەوە، دەبینی چوار تەلقەژی هاوڕەنگی تەلقژەکانی نازێی پێوەیە. پاشانیش مەتەڵەکەی بۆ بڵێرەوە، بێگومان دەزانێت هەڵی بێنێت:

– ئاسمان سوورە، زەوی سەوز. لە نێوان ئاسمان و زەویدا گوڵە نێرگزێکی گەورە، یەکجار گەورە، بە ڕوویەکی گەش و دڵێکی خۆشەوە پێدەکەنێت و بۆنی خۆشی خۆی بۆ هەموو لایەک دەنێرێت.

.................................................

* لە چیرۆکی شاری شووکردنەوە وەرگیراوە، کە چیرۆکێکی فۆلکلۆرییە. شاری شووکردن چیرۆکی قالۆنچەیەکە دەچێت بۆ شار بۆ ئەوەی شوو بکات.

** لەسەر ئاوازی شیعری یاریی "حیللانێ" دانراوە، کە یارییەکی فۆلکلۆرییە و تایبەتە بە کچان.

*** تەماشای * بکە.